ئایا دەزانن کەسی مایەپووچ (موفلیس) کێیە؟

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا دەزانن کەسی مایەپووچ (موفلیس) کێیە؟»، ووتیان: کەسی مایەپووچ لە نێوانماندا ئەوەیە کە هیچ پارە ومووڵکێکی نییە. -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «کەسی مایەپووچ ئەو کەسەیە لە نێو ئومەتەکەم کە ڕۆژی قیامەت دێت ونوێژ وڕۆژوو وزەکاتی ئەنجامداوە، (بەڵام بە ناهەق): جوێنی داوە، وتۆمەتی هەڵواسیوە، وپارەی خەڵکی خواردووە، وخوێنی خەڵکی ڕشتووە، ولە خەڵکی داوە، (ئەوانەی ستەمی کردووە لێیان) لە چاکەکانی دەدرێت پێیان، کاتێک چاکەی نامێنێت پێش ئەوەی مافی خەڵکی بەتەواوی بداتەوە ؛ ئەوا لە تاوان وخراپەکانی ئەو ستەملێکراوانە دەدرێت بەو، وپاشان فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لە هاوەڵانی کرد: ئایا دەزانن کەسی مایەپووچ -موفلیس- کێیە؟ ووتیان: مایەپووچ لەلای ئێمە ؛ ئەو کەسەیە کە نە پارە ونە شتومەکی هەیە، فەرمووی: مایەپووچ لە ئومەتەکەمدا ئەو کەسەیە کە دێت لە ڕۆژی قیامەتدا وکردەوەی چاکی ئەنجامداوە لە نوێژ وڕۆژوو وزەکاتدان، بەڵام جوێن وتانەی لە کەسایەتی خەڵکی داوە، وپارەی خەڵکی خواردووە ونکۆڵی لێکردووە، وخوێنی خەڵکی ڕشتووە وستەمی لێکردوون، ولە خەڵکی داوە وسوکایەتی پێکردوون، بۆیە چاکەکانی دەدرێت بە ستەملێکراوەکان، وکاتێك چاکەی نامێنێت پێش ئەوەی مافی خەڵکی بەتەواوی بداتەوە؛ ئەوا لە خراپەکانی ستەملێکراوەکان وەردەگیرێت ودەخرێتە سەر تۆماری ستەمکار، پاشان فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخ چونکە هیچ چاکەیەکی نەماوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6454